بەرهەمهێنانەوەی گوتاری بندەستیی هەرێم لە ڕووماڵی میدیای کوردی لە ڕووداوەکەی جورف سەخردا

هەورامان فەریق کەریم

بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکردنەوەی گوتار، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان گوتار، دەسەڵات و زانین (مەعریفە)دا. بە گەڕانەوە بۆ فۆکۆ، گوتار کۆمەڵێك گوزارەیە کە ئەو دەرفەتە بۆ زمان دەڕەخسێنێت کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو قسە دەکات، یان بەجۆرێك نوێنەرایەتی زانینی پەیوەست بەو بابەتە دەکات. گوتار سەبارەت بە بەرهەمهێنانی زانینە لە ڕێگەی زمانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە هەموو کردارە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆگری کۆمەڵێك واتان، واتاکانیش هەموو ئەوانە پێکدەهێنن کە ئێمە ئەنجامی دەدەین و دەیانخەینە ژێر کاریگەرییەوە، هەموو کردارەکان لایەنێکی گوتاریان هەیە. زمان کەرەستەیەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و دیاردەکان. لە هەمانکاتدا ئەوە گوتارە کە واتا و تێگەیشتن و بەها و نۆرم بەرهەم دەهێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێت تیشکێکی خێرا بخەمە سەر ڕووماڵی 48 کاتژمێری ڕابردووی کەناڵە کوردییەکان سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی جورف سەخر. بزانین ئەم کەناڵە پڕ بەرگوێیانە، تاچەند لە ئاست هەستیاریی و گەورەیی ڕووداوەکان و چاوەڕوانیدا بوون و تواناییان لە پرسە چارەنووسسازەکاندا نیشتیمانییانە ڕووماڵی ڕووداوەکان بکەن؟ داخۆ کەسانی شارەزا لە شیکردنەوەی گوتار و نێوەڕۆك لە نێو ئەو دامەزراوانەدا هەن؟ ئەگەر هەن، ئایا جیاوازی دەکەن لە نێوان گوتاری زاڵ و سەردەست و بندەستدا؟ ئەو بابەت و گوتارانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی بە چ وێچنێکدا (فلتەرێکدا) تێپەڕ دەبن تا بە شێوەیەکی واقعی و دروست بگەنە بەرگوێکان و بەرچاوەکان؟

لە ڕوانگەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی (Critical Discourse Analysis) ـەوە ڕووماڵی ئەم هەشت کەناڵە کوردییە (ڕووداو، کوردستان٢٤، ئاڤا، کوردسات نیوز، کەناڵ ٨، ئێن ئار تی، سپێدە و پەیام) دیاردەیەکی گوتاریی سەرنجڕاکێش و دژییەکیمان نیشان دەدەن و بۆ ڕوون دەکەنەوە. هەر لە سەرەتای ڕووماڵی ئەو ڕووداوەوە، سەرەڕای جیاوازیی قوواڵی حیزبی و ئایدیۆلۆجیی نێوانیان (حزبەکانی دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن و ئیسلامییەکان)، هەموویان (بەئاگاییەوە یان بێئاگاییەوە)، لە کاتی ڕووماڵی جورف سەخردا یەك گوتاری هاوبەشیان بەرهەم هێنایەوە کە بریتی بوو لە بەرهەمهێنانەوە و ئاساییکردنەوەی گوتاری بااڵدەستیی ناوەند (بەغدا) لەناو هزری بینەر و بیسەری (مخاطب)ی کوردیدا، بەکەڵکوەرگرتن لەم میکانیزم و ستراتیجانەوە.

ستراتیجی زمانەوانی: "سەپاندن" و سڕینەوەی جیاوازیی فیدراڵی

لە ئاستی زمانەوانیدا (بەتایبەت لە ڕوانگەی فێرکلاف و ڤان دایکـەوە)، هەڵبژاردنی وشەکان بێلایەنانە نییە و پەیوەندییەکانی هێز دیاری دەکات. لەم ڕووماڵانەدا چەند کۆدێکی زمانەوانیی هاوبەش، گوتاری باڵادەستی و بندەستی بەرهەم دەهێنن:

یەکەم، **کولتووری هێز و یەکدەستی:** زۆرینەی کەناڵەکان بێ هیچ فلتەرێکی ڕەخنەیی، دەستەواژە تونەدکانی دەسەڵاتی ناوەندیان گواستەوە؛ وەک «سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت» (کەناڵ ٨، ئێن ئار تی، سپێدە، پەیام، ڕووداو)، «هەیمەنە و شکۆی دەوڵەت» (کوردسات نیوز)، «هەژموونی دەوڵەت» (سپێدە)، «هیچ ئاڵایەک لە سەرووی ئاڵای عێراقەوە نییە» (کوردسات نیوز) و «هیچ بڕیارێک نییە جگە لە بڕیاری عێراق» (پەیام). ئەم دەستەواژانە لە ڕووی گوتارییەوە نەک تەنیا میلیشیاکان، بەڵکوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شەرعییەتی بڕیار، ئاڵا و هێزی هەرێمی کوردستانیش دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

دووەم، **گشتاندنی جوگرافی و هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ**: دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی «تەواوی خاکی عێراق» و گواستنەوەی لێدوانی وتەبێژی حکوومەتی عێراق لە لایەن ئێن ئار تی-یەوە کە دەڵێت پاراستنی بۆڕییە نەوتییەکان "تەنها لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا قەتیس نابێت، بەڵکوو هەموو ناوچەکان دەگرێتەوە"، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بڵاوکردنەوەی هەژموونی ناوەند بەسەر هەرێمی کوردستاندا.

سێیەم، **ڕازیبوون بە ناونانی ئایدیۆلۆجی**: لەڕووی ناوهێنانەوە، جێگەی سەرنجە کە کەناڵەکانی ڕووداو، ئێن ئار تی و پەیام ناوی فەرمی و ئایدیۆلۆجیی «جورف نەسر»یان لەبری ناوە ڕەسەنەکەی "جورف سەخر" بەکارهێناوە. لە شیکردنەوەی گوتاردا، وەرگرتنی ناولێنانە سەربازی و سیاسییەکانی دەوڵەتی باڵادەست، نیشانەی ملکەچیی زمانەوانییە بۆ گێڕانەوەی فەرمیی ناوەند.

سیمۆلۆجیای وێنە و پاڵەوانسازی بۆ عەلی زەیدی

میدیای کوردی لەم ڕووداوەدا تەنیا هەواڵەکەی نەگواستووەتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی چالاک بەشداریی کردووە لە دروستکردنی وێنای «سەرکردەی بەهێز و کاریزمایی» بۆ عەلی زەیدی، سەرۆك وەزیرانی عێراق.

یەکەم، **مۆنتاجی سەربازی و هێمای هێز:** کەناڵەکانی ڕووداو، ئاڤا، کوردستان٢٤، کەناڵ ٨ و ئێن ئار تی هەمان وێنەی پڕۆپاگەندەیی زەیدییان بەکارهێناوە، وەک: "ئامێری بێتەل بە دەستەوە و مشتەکۆڵەی بەرز کراوە". ڕووداو لە هەمووان زیاتر ڕەهەندی سەربازیی پێ بەخشیوە بە تێکەڵکردنی وێنەی زرێپۆش، ئاڵای عێراق و نەخشەی عێراق "بە هەرێمی کوردستانیشەوە" لە یەک گرافیکدا.

دووەم، **بەخشینی شکۆی سەرۆکایەتی:** کوردستان٢٤ واژووی ئینگلیزی و ژیانناممەی زەیدی لەسەر گرافیکەکە داناوە؛ سپێدە بازنەیەکی سووری وەک هالەی هێز خستووەتە پشت سەری زەیدی؛ کوردسات نیوز کۆلاجێکی چوار وێنەیی لێ دروست کردووە؛ بەهەمان شێوە، پەیام لە نێوان ئاڵاکانی عێراقدا وەک تاکە سەرچاوەی بڕیار نیشانی داوە. ئەم دیزاینانە لە هزری وەرگری کورد دا پێگەی زەیدی لە بەرپرسێکی ئاساییەوە بەرز کردۆتەوە بۆ "پاڵەوانی دەوڵەتسازی".

بەراوردی گوتاریی هەشت کەناڵەکە

کەناڵ	گوتاری زاڵ و چەمکە سەرەکییەکان	ستراتیجی وێنەیی (سیمۆلۆجیا)	دژەگوتار، یان گۆشەنیگای تایبەت
ڕووداو	سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر تەواوی خاکی عێراق؛ بەکارهێنانی ناوی «جورف نەسر».	بەهێزترین مۆنتاجی سەربازی (زەیدی + زرێپۆش + ئاڵا + نەخشەی عێراق).	لەم نموونانەدا هیچ دژەگوتارێک نابینرێت.
کوردستان٢٤	عێراقێکی بەهێز و یەکگرتوو، هێزەکان لەژێر یەک ئاڵا، باڵادەستیی حکوومەت.	گرافیکی کاریزمایی بە واژۆی ئینگلیزیی زەیدی.	دژەگوتاری بەهێز: بەدرۆخستنەوەی کشانەوەی حزبوڵڵا و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی مرۆڤدۆستیی پێشمەرگە.
ئاڤا	سەرەتای عێراقێکی یەکگرتوو کە دەستوور و یاسا بەڕێوەی دەبات.	وێنەی زەیدی بە بێتەل و مشتەکۆڵەوە لەبەردەم ئاڵای عێراق.	وروژاندنی ترسی هەرێم لە ڕێگەی پرسیاری پێشکەشکارەوە لە وتەبێژی زەیدی و داخستنەوەی تەلەفۆنەکە.

کەناڵ	گوتاری زاڵ و چەمکە سەرەکییەکان	ستراتیجی وێنەیی (سیمۆلۆجیا)	دژەگوتار، یان گۆشەنیگای تایبەت
کوردسات نیوز	هەیمەنە و شکۆی دەوڵەت، سەروەری عێراق، هیچ ئاڵایەک لە سەرووی ئاڵای عێراقەوە نییە.	کۆلاجی چوار وێنەیی سەربازی و وێنەی فەرمیی سەرمینبەر.	گواستنەوەی لێدوانی عیماد ئەحمەد لەسەر یەکگرتوویی کورد.
کەناڵ ٨	سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەم پەیامەم بۆ گەلی عێراقە.	گرتەی نزیك (Close-up) بێتەل بەدەست و نەخشەی دروشاوەی عێراق.	پەیامەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بێ فلتەر بۆ گەلی عێراق دەگوازێتەوە.
ئێن ئار تی	سەپاندنی دەسەڵات لە جورف نەسرەوە»، پاراستنی بۆرییە نەوتییەکان هەموو عێراق دەگرێتەوە».	وێنەی ژووری ئۆپەراسیۆنەکان لە نێوان فەرماندە سەربازییەکاندا.	بەحیزبیکردنی پرسەکە و هێرشکردنە سەر میدیای پارتی (لە ڕێگەی لێدوانی محەمەد ئیسماعیل).
سپێدە	سوپا هەژموونی دەوڵەت بەسەر هەموو خاکی عێراقدا دەسەپێنێت».	باکگراوندی تاریک و بازنەیەکی سوور لە پشت سەری زەیدی.	جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی «سوپا» وەک ئامرازی سەپاندنی هەژموون.
پەیام	هیچ بڕیارێک نییە جگە لە بڕیاری عێراق؛ بەکارهێنانی ناوی «جورف نەسر».	وێنەی فەرمیی سەرۆکوەزیران لە نێوان ئاڵاکانی عێراقدا.	جەختکردنەوە لەسەر تاکەبڕیاریی ناوەند.

بندەستیی ناوەکیبوو و ململانێی نێوخۆیی

بەرهەمهێنانەوەی بندەستی تەنیا لە گواستنەوەی قسەکانی زەیدی دا نییە، بەڵکوو لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ بکەری کوردیشدا دەردەکەوێت:

یەکەم، **بچووککردنەوەی ئاسۆی کوردی**: هەردوو کەناڵی کوردستان 24 و کوردسات نیوز لە دوو هەواڵی جیاوازدا بە بڵاوکردنەوەی لێدوانی سیاسەتمەدارانی کورد وەک سالار عەزیز («جیاکردنەوەی کوردستان خەیاڵە») و عیماد ئەحمەد («ئەگەر ئێمە یەک بین، لە بەغدا بەهێزترین») لە هەمان کاتی ڕووماڵی هەژموونخوازیی زەیدی دا، هەوڵیانداوە هەندێك لە مەترسییەکان بڕەوێننەوە و دۆخی جورف سەخر بقۆزنەوە بۆ ئاوکردن بەسەر ئاگری ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتیدا کە دۆخەکەیان گەیاندووەتەوە مریشکە ڕەشە، بەڵام هاوکات پەیامەکانیان، ئەو گوتارە بەرهەم دەهێنێتەوە و دەچەسپێنێت کە بەغدا سەنتەری ڕەهای هێزە و کورد تەنیا لەناو ئەو چوارچێوەیەدا دەتوانێت بوونی هەبێت.

دووەم، **پەرتەوازەیی حیزبی بەرامبەر یەکگوتاریی ناوەند**: لە کاتێکدا میدیای سەر بە پارتی (کوردستان٢٤ و ئاڤا) لە پاڵ پاڵەوانسازییەکەدا هەوڵی دروستکردنی دژەگوتار دەدەن (بەدرۆخستنەوەی کشانەوەی حزبوڵڵا و پرسیارکردن لە هەڕەشە بۆ سەر هەرێم)، کەناڵی ئێن ئار تی ئەو پرسیارەی پێشکەشکارەکەی ئاڤا (کە خۆی بەرهەمهێنەری گوتاری ترسی بندەستە لە سەردەست)، دەکاتە کەرەستەی ململانێی ناوخۆیی و هێرشکردنە سەر پارتی. ئەمەش نیشانی دەدات کە ململانێی حیزبیی نێوخۆیی ڕێگرە لە دروستبوونی گوتارێکی میدیاییی کوردیی هۆشیار بەرامبەر هەژموونی ناوەند.

بەم شێوەیە، کۆی ئەم ڕووماڵە دەری دەخات کە میدیای کوردی ـــبەهۆی پێشبڕکێی خێرایی لە گواستنەوە و (بەحسێب شەڕی یەکەمبوون)، بەکارهێنانی کەرەستەی ئامادەکراوی میدیای عەرەبی و نەبوونی فلتەری گوتاری— بە شێوەیەکی سیستماتیک، بەگشتی، میدیای کوردی وێنای دەوڵەتێکی ناوەندیی بااڵدەست و سەرکردەیەکی پاڵەوان لە هزری تاکی کورددا دەچێنێت و بەبێ ئاگایی یان لەژێر کاریگەری ململانێی حیزبیدا، پێگەی بندەستیی هەرێم بەرامبەر بەغدا ئاسایی دەکاتەوە.


Channel 8
عەلی زەیدی: سەبەندنی سەملّاتی دەوللّاتی یە ولەت یەسی یەمبر خاکی عێراوی خاکی ر عێراق دەستێدەکات
See less
Channel 8
عەلی زەیدی: سەبەندنی مسەلّاتی دەوللّانی یە ولەت یەبێ یامەر خاکی عێراوی خاکی ر عێراق دەستێدەکات
Channel 8
عەلی زەیدی نکومتی نلوئی معکتئم ڤان سئیمانی تصمع نە میهم وەسایاوی چەعوسی ونعمعی وم یللوە ئیسلومیت معیولی فرر زلمتوم وقم ضاریږی، ە مامور
See less
Kurdistan24
عەلی زەیدی بەعیی
CAMPHONE
عەلی زەیدی ڕایەکی پەڕلە میکیاعنی دەستەمێندبی پەڵتی لعەفو بواو دستێدەکات
Channel 8
لە عەلی زەیدی یەسرعوە سەرمنای سەرکۆمە ەزی سەوالدنی یەسەر یاسدلکی دەولەت یەسەر ئەواوی دەوڵت دۆیە بەورێ؟
See less
Channel 8
عەلی زەیدی: سەبەندنی مسەلّاتی دەوللّانی یە ولەت یەبێ یامەر خاکی عێراوی خاکی ر عێراق دەستێدەکات
سەینی سەرەوی هکراندنی دەککرتووە بسەر تەتوور و یاسا بە عێراق دەکات
RUDAW
لە جورف نەسرموە سەرەڵای سەپاندنی دسیاندنی مسەلّاتی دەولەت تەەر یەسەر تعلاوی سعیلەبە بەرگاویی دەتعی خاکی دەستێدەکات بوبە.
NRT NEWS
عەلی زەیدی - دەدرلاوڤی عیاق
سەرەوّتی سەپاندنی
AVA Media
یەی پێڕی حکومەنی سەرعڵای سەرمنای یە وتەیڕی جاڤوساسی ترّ کەە بە وەاملی قملیت ئیاە مغلەوکڕی
See less
عەوانی بسناوویانی وینالی موانلی ەەبد یالعفب فرلومن
Kurdsat News
سعتووەاو لدبە کدی مکومەعلاو پنتلسس روۆن ئوسوز عڵواوئی ماورگی عێیاڵن
NRT News
لە جورف نەسرموە سەرە: تای سەپاندنی دەسسەلّاتی خاکی عێرتووی
عەلی زەیدن
لە جورف نەسرموە سەرەتای سەپاندنی دەسەلّاتی بەسەر تەواوی خاکی عێراق دەستێدەکات
عەلی ئوسوی
سەرەتای سەپاندنی